## کەڵکی هەڵبژاردن بۆئێستای کورد چییە؟. . . جەمال فەتاح

لەگەل ئەوەی کەپشتگیری تەواو لە بروسکەکەی مامۆستا حمەسەعید حەسەن ئەکەم کەئەڵێت ئەگەر هەردووئیدارەی کورد یەکنەگرێتەوە تکایە دەنگ مەدەن.

منیش هەر هەمان بۆچوونم هەیەو هەرچەند لەڕابردووشدا دوو وتارم لەسەر زیانەکانی یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە نوسیوە،بەڵام بەڕاستی ئەو دووئیدارەیە زۆر لە مێژەو ئەشتوانم بڵێم هەر لەسەرەتاشەوە هەڵەیەکی مێژوویی بووە کەکراوەو نەدەبوو بگاتەئەو ئاستەی بەتایبەتی تاکوئێستابەردەوام بێت،وەچیتر ئەودوو ئیدارەیە بە دووبەشی بەتەواوی ناتوانن بکەونە خانەی خزمەتکردنی ئیداری وئابوری وخزمەتگوزاری ونەتەوەیی گەلی کوردستانەوە،لەلایەکیتریش بەو دوو پارچەییە کورد جگەلەوەی لەلای دۆستوو دوژمن وەزنی خۆی لەدەست ئەدات بووەتە هۆی پەیدا بوونی گشت گەندەڵیەکان وزیانی گەورەی نەتەوەیی وسیاسیش بەقەوارەی نەتەوەکەمان بەگشتی وگەلی کوردستانی باشور بەتایبەتی ئەگەیەنێت.

هەڵبژاردن بەمانا گشتیەکەی مافێکی دیموکراسی کۆمەڵگای گەلانە وکۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیش زۆر لە مێژە لێی بەهرە مەندن بەڵام ستەم وچەوساندنەوەی ڕژێمە داگیر کەرەکانیش بەتایبەتی لەکۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکاندا بەکۆمەڵگای کوردیشەوە هەردەم لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ستەم وچەوسانەوەی گەلان بەردەوامی پێداوە ڕێگر بوون لەبەردەمی پێگەکانی ئازادی بەتایبەتی بوارە دیموکراسیەکان و هتد. . .

نەتەوەی کوردیش بەدرێژایی مێژوی دیاری گەلێکی چەوساوەو داگیرکراو وبووەو هەردەم سەرەڕا قەڵاچۆکردنمان لەسەرەتایی ترین ماف بێبەشیانکردووین،وە ئەوە یەکەم جارە کەلە پارچەیەکی کوردستاندا بەو جۆرە کورد بەماف ئازادی ودیموکراسی بگات بۆیە لەلایەک ناهەق نیە ئەگەر گەلی کورد بەگومانەوە هەردەم تەماشای بڕیارو ئاکارەکانی رژێمی ناوەند بکات لەبەغداو بەگومانبێت لەهەر هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانی عەرەبی ئێراق،لەلایەکیترش نوێنەرانی کورد لەسەر ئاستی ناوەندی حکومەتی ئێراق پێویستە شێلگیرانە تر لەدووساڵی ڕابردوو پێ لەسەر مافەکانی گەلەکەمان دابگرن ووریا یانەو وشیارانە مامەڵە لەگەل بڕیارەکانی پەرلەمانی ئێراق وسەرانی ڕژێمی ئایندەی عەرەبی ئێراقدا بکەن چونکە ڕابردووی سەرانی عەرەبی ئێراق بەشیعەو سونیەوە لەدووساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی ئەوەیان بۆهەمولایەکمان سەلماند کەعەرەبی ئێراق بەهەردوو باڵەکەیەوە لەبەرانبەر مافەکانی کورد دا یەک ڕاو یەک بۆجوونن بەتایبەتی لەبەرانبەر ناوچە داگیر کراوەکانی کوردستان وئاسایشی نەتەوەییماندا،بۆیە وشیاری زۆری ئەوێت وخەڵکی شیاوی ئەوێت کەبتوانێت زۆر بەجورئەتەوە مامەڵە لەگەل سەرای عەرەبی ئێراقدا بکەن.

وە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەشتە سەر کەوتوانەکەی بۆوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپا پەیمانی بەهاو وڵاتیاندا کە بەگەڕانەوەی بۆکوردستان هەردوو ئیدارەکەی هەرێم ئەکرێتەوە بەیەک،پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە پێویستە گشت لایەک کاری دڵسۆزانە تەنها بۆبەرژەوەندیە باڵاکانی کورد بکەن وهەر لایەک خۆیان لە گیان وبیری تەسکی حزبایەتی وخۆمانە خۆمانە بەدوور بگرن تاکو ئەو حکومەتی ئایندە ببێتە حکومەت ودەسەڵاتی گەل بەتەواوی کارێک بکرێت کە هەموتاکێکی گەلی کوردستانی باشور بەتایبەتی و نەتەوەکەمان بەگشتی خۆیان بەخاوەن

وپارێزەری حکومەت ودەسەڵاتی باشوری کوردستان بزانن،ئەمەش تەنها دڵسۆزی بۆکورد ئەمانگەیەنت دوا قۆناخی رزگاری گەلەکەمان،پێویستە بواری پارتایەتیش لەکوردستان پێ بنێتە بوارێکی مۆدێرن قۆناخێکی تازەتر وەپارتە کوردستانیەکان بەگشتی وپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی خۆیان لەپاوانخوازی ودەسەڵاتی تاک رەوی وهەڵپەی حزبی ناشارستانی بەدور بگرن و کەڵک لە ئەزمونی پارتە نوێخوازو دیموکراسی خوازو مۆدێرنەکانی جیهانی دیموکراسی بەگشتی وولاتانی ئەوروپا بەتایبەتی وەر بگرن.

ئەگەر ئیدارەکانیش یەکیان گرتەوە ئەواپێویستە هەمومان بچینەسەر سندووقەکانی دەنگدان چونکە ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسی گەلەکەمانی پێوەبەندە بەتایبەتی کەرکوک وخانەقین وناوچە داگیرکراوەکانیتر چونکە بەهێزی کوردو لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی ئێراقدا مانای مسۆگەر کردنی گشت مافە نەتەوایەتیەکانی کوردو بەدەست خستنەوەی گشت ناوچە بەعەرەب کراو وداگیرکراوەکانی کوردستانە،بۆیە نابێت هیچ هۆکارێک و وتەی هیچ نەیارێک بەقەد تۆزێکیش لە ورەو خۆراگری وگیانی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان کەم بکاتەوە،وەمن دڵنیام تاکوئێستاش گەلی کوردستان بەگشتی وخەڵکی رەش ورووت بەتایبەتی بەزۆربەی مافەکانی خۆیان نەگەشتوون ولەزۆر رووی خزمەت گوزاریەوە بەئێستاشەوە بێبەشین بەڵام با هەمولایەکمان دڵنیابین ئەگەر لەهەڵبژاردن ودەنگدان بەبڵێ بۆلیستی کوردستان بەشداریمان نەکرد چەندان بەرانبەر ئێش وئازارەکانمان زاتر ئەکات وبێبەشیەکانانمان بردەوامتر ئەبێت،ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لە رووی نەتەوایەتی و گەرانەوەی ناوچە داگیر کراوەکانی کوردستانەوە زیانی گەورە بەرقەوارەی گەلەکەمان ئەکەوێت و کەرکوک و خانەقین وسنجار تاخاپور بەتەوای ئەکەوێتە مەترسیەوە،ئێمە ئەگەر وەک هەڵبژاردنی دیموکراسی هەر وڵاتێکی جیهان لەدیموکراسی کوردستان وئێراق براونین ئەوە ئەبێت هەموکەس ئازاد بێت دەنگ بدات یان نەیدات ئەمە بۆئەو کەس وگەلانەی کە گەلەکەیان ئازادەو هیچ ستەمێکی میلی ونەتەوایەتیان لەسەر نیە،بەڵام بۆگەلی باشوری کوردستان کەستەمی میللی مان هێشتا لەسەر ماوەو بەشێکی گرنگ لەنیشتمانەکەمان وئاسایشی نەتەوەییمان بەئێستاشەوە داگریکراوە لەژێرمەترسدایە هەڵبژاردن و دنگدان بۆلیستی کورد ئەبێتە ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکی کورد لەکوردستانی باشور دا واتە هەڵبژاردن ودەنگدان ئەرکی نەتەوەییی و شۆرشگێرانەیە بۆکورد نەک بەتەنها مافێک بێت وەک هەر گەلێکی ئازاد،باسیاسەتی رووت وبەرژەوەندی حزبایەتی تەسک کارمان لێنەکات ودوامان نەخات لەرێگای چوون بۆسەر سندوقە کان دەنگدان،هەموشمان دڵنیابین دوژمنانی نەتەوەکەمان بەگشتی ودوژمنانی قەوارەی باشوری کوردستان هێشتا لەسەنگەردان بۆمان ولەنەخشە دانانداندان بۆبەردەوامی دان بەداگیر کردنمان،بۆیە خەبات هێشتا بەردەوامەو تاکو گەیشتنی گەلەکەمان بەسەرفەرازی یەکجارەکی وە قۆناخی خەباتی گەلەکەمان ئەمرۆ لەباشووری کوردستاندا خۆی دەنونێت وەسەرکەوتنی هەرێمی کوردستانی باشور سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەکەمانە بەگشتی بۆیە ئەرکی سەرشانی هەرکوردێکی دڵسۆزە لەگشت پارچەکانی کوردستان چی لەنوسین وچی لەلێدوان وگفتووگۆکانیاندا پشتگیری خەباتی گەلی باشوری کوردستان بکەن وپشتگیری هەڵبژاردنەکانی ئایندەی کوردستانی باشوور بکەن،چونکە بەپێچەوانەوە بیرکردنەوە ئەبیتە هۆی زیانگەیاندنی گەورە بەکیشەی نەتەوەکەمان بەگشتی. .

جمال فتاح
2005/11/15
لەندەن